# دوعاكانى دوعا

شيعرى: د. كەمال ميراودەلى

دوعا دوعايەكى نەمرە
بە ئاسمانى بەعشيقەوە
بە ئاسمانى عاشقانەوە

نامرێ، هەرگيز نامرێ،
هەتا قاحبەكانى سياسەت
نەكەونە ناو زيندانەوە

نامرێ، شەرت بێ، نامرێ،
هەتا
قاحبەكانى خيانەت
نەكەونە ژێر پێى ژنان و
نەچنە ناو زبڵدانەوە

دوعا كچەكەم
بەرزترى تۆ لە مەسيح و
پيرۆزترى لە هەموو پێغەمبەرێ
بە لەشى رووتى عيشقت و
بە رۆحى پڕ زريانەوە

بەرد دەبارێ لە سەر سنگت
لە سەر مەمكت

لە سەر دڵت
لە سەر گۆنات و
گەردنت

لە سەر سەر و چاوی گەشت
بۆتە خاچی کچان لەشت

ئەی دوعای دڵی عاشقان
بڵێسەی خوێنی دەروونت
گەیشتە ئاسمان

خۆر ئاوابوو لە حەسرەتا
ڤینۆس وەک پەپوولە سووتا

چاوی بێشەرمی نەتروکان
جەنگەڵستانی
کوردستان

گەڕانەوە هەمەجییەکان
تەمەنی تۆ یەک ساڵە بوو
نە تامی ئەنفالت کردبوو
نە حیزبی بەعست دەناسی
ئەوان هەردووکیان پاراست بۆت
کردیان بە یاسای ئەساسی

سەیرانە

سەیرانە
سەربڕینی
کچانە

بۆ ئاهەنگی خۆشەویستی
بۆ
ریچوالی بتپەرستیی

ئەی حیزبەکانی هەمەجییەت و
خیانەت و خوێن و کارەسات

بۆچی وەک شەش هەزار مەڕەکە
خوێنی سووری
شەش هەزار کچە سەربڕاوەکەش
ناخەنە سەر شاشەی کوردسات؟

بۆچ وەک ئەو پیاوە سمێڵبابڕانەی
وەکوو گاگەل
بو بتخانە دەبردرێن
لە سەر شاشەی زاگرۆسەکە
ئەو کچانەش نیشان نادەن
وەکو مێگەل
سەردەبڕدرێن؟

ئەی دەسەڵاتی
خیانەت و خوێن

رۆژێک دێ شەهیدەکان
بدوێن

دوعا ئێستا بە قەدەر دوعای دڵی
گشت عاشقان
بە قەدەر تنۆکە خوێنی
گشت شەهیدانی ئەوین
بۆتە ئەستێرەی درەخشان
لە ناو قەدی
ئاسمانی شین

دوعا دوعایەکی نەمرە
بە ئاسمانی بەعشیقەوە
بە ئاسمانی عاشقانەوە

نامرێ، هەرگیز نامرێ،
تا قاحبەکانی دەسەلات
نەکەونە ژێر پێی ژنان و
نەچنە ناو زبڵدانەوە.

لەندەن 07/4/28